



من کێم ؟



ئەز کی مە ؟

# من کێــم ؟          ئەز کی مە ؟

نەشیعر و نەڕۆمانە ، نەڕۆشەنباسێکی ڕۆژنامەنوسی و نەهەرپرسیارێکی بێ وەڵام و سەرڕێی بیر و ئەندێشەمانە ! من کێم ؟ هاوگۆی شێوازە کوردیەکانە ، دەربڕ و لێکدەرەوەی واتایی ڕستە پرسیاری سەر بەرگی ( Ez kî me? بەشێوازی کرمانجی و Wer bin ich? بە ئەڵمانی یە ) ، ئەرێ ئەم دووانە ناونیشانی پەرتووکێکی چاپکراوی کەرستەی کاری سەرەتایی کوردی فێربوونە بەهەردوو زمانی ئەڵمانی و کوردی ـ کرمانجی ، پەیڕەودەکرێ لەو خوێندنگایانەی خوێندکاری کوردی لێ یە و پۆلی یەکەم و دووەمی فێربوونی زمانی دایکیان بۆ کراوەتەوە هەروەها ئاسانکاریە بۆ ئەوانەش کرمانج گۆتەنی : کو بخوازن کوردی ژی ئەڵمانی ڕا هین ببن واتە کەسێ ئەڵمانی بزانێ و بیەوێ کوردیش فێرببێت چونکە بە پیتەکانی لاتینی نوسراوە . ئەم پەڕتووکە بە فەرمی ناسراوە
لە لایەن im „Arbeitskreis zur Entwicklung Kurdischer Lehrmaterialien“ Schulamt der Stadt Köln/RAA Köln
بڕواپێکراوی بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکانە لە شاری کۆلن لە ئەڵمانیا . بەرگەکەی ڕازاوەیە بە ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان لەسەرەوە : سور و سپی و زەرد و سەوز لە ناوەڕاستی سپییایەکەدا بەوێنەی دوو منداڵ ڕازاوەتەوە ئەرێ ئەوانن دواڕۆژە بیست و یەک تیشکیەکە ، بە کرمانجی هینبوونا کوردی و بە ئەڵمانیش کوردیش لێرنن واتە فێربوونی کوردی پێناسەکراوە .
هەردەم پێویستی یە داهێنان بەرهەم دێنێ و لە خۆڕا بێ هەوڵ و ماندوبوون نەدەکرا و نەدەبوو ، هەرگیز منداڵە چاوگەشەکانی کورد لە خوێندنگەیەکی هەندەران ئەم پەرتوکە بایەخدارە بەدەست بێنن ! نوسەرەکەی مامۆستا محەمەد تانریکوڵوو کوردێکی شاری فارقین لە باکورە و نیشتەجێ ی ئەڵمانیایە . بە هەم ئاهەنگی مامۆستا سلێمان ئاتەش کە پێشنوسی کردووە هەروەها بەهاوکاری و ڕێنمایی زانستی خاتوونی دکتۆر : .Dr (Rosemarie Neumann ) بە ڕەگەز ئەڵمانی یە و ئەندامی کۆمیتەی وانە گۆتنەوە لە زانکۆی ( Duisburg - Essen ) هاوکاری ڕێکخستنی بەشی تێکستە ئەڵمانیەکانی کردووە . بڕیاری فەڕمی جێ بەجێ کردنی خوێندن بە زمانی دایک لەهەرێمی ( -Nordrhein Westfallen ) لە 09. ڕەشەمە .2000 لەلایەن زمان ناسی هەمان زانکۆ خوالێخۆشبوو دکتۆر : ( Dr. Johannes Meyer-Ingwersen ) دراوە .

## کوردستانێکی بچوک !

دوای ئەم ناساندنە بەرایی یە دەکرێ بیرۆکەی پەرەپێدانی ئەم پەرتوکە لە لایەن نوسەرەکەی واتە شێخ محەمەد تانرێکوڵوو تیشکدار بکەین کاتێ پێویستی بەسەریدا

سەپاند پۆلەکەی بووە کوردستانێکی بچوک بەڵام دەوڵەمەند بە شێوازی گۆتنەکانی کرمانجی و سۆرانی و زازاکی کە هەر منداڵەی لە بەشێکی جیاکراوەی باکور و باشور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستانەوە هاتبوو بە زمانی دایک و خانەوادەکەیان دەدوان لە ناچاریش بە هەڤڕا دەبوو بە ئەڵمانی بپەیڤن ، واتە لە ئاخاوتنەکانی یەکتر نەدەگەیشتن و دەبوو بە ئەڵمانی بدوێن . چارەسەر ئەوە بوو جارێکی تر ئەم پەرتوکە ئەڵمانی و کوردی ـ کرمانجی یە ( ئەز کی مە ؟ ) ئامادەبکرێ جارێک : ئەڵمانی و کوردی ـ زازاکی بوو بە ( ئەز کامۆ ؟ ) هەروەها ئەڵمانی و کوردی ـ سۆرانی دەکا ( من کێم ؟ ) . واتە لەیەک کاتی وانە خوێندنی پۆلێکدا هەر منداڵێک بتوانێ وەک لە ئەڵمانیەکە تێدەگا بەشێوازی دیالێکتەکە کوردیەکەی خۆی بەشدار بێ ، فێربێ و تێبگات . جێگای سەرنج شانازی یە بە کردەیی ئەم ویستە هاتەدی بەرهەمەکەی شکۆمەندی یە کە هەریەک لە فێرخوازەکان لەوانەکە بەشدار دەبێ و بە شێوازی خۆی دەدوێ و بۆ نموونە .. لە وانەی خۆناساندن منداڵێکی سۆرانی دەڵێ : من ناوم ــــــــ ە و ناسراوم بە ــــــــ و من ئەوەندە ساڵیم ..... بە نۆرە و ئەوانی تریش ناڤێ من ــــــــ ە / یە و ئەز ئەوقا سالی مە و هەروەها بە زازاکی دوانیان زێدە شیرینتر بووە .... بە خەندە و پێکەنین و پڕ هەستی یەوە کوردی فێردەبن . سەرەڕای ئەوەش مامۆستای وانە بێژ کێشەی جیاوازی شێوازەکانی نابێ لەگەڵیان چونکە بۆ هەر وشە و ڕستەیەک واتای بەرامبەر بە شێوازەکان ڕاستەوخۆ بەرچاوکراوە لەگەڵ هەندێ ڕێنمایی لە کۆتایی هەر ڕووپەڕی وانەیەک لە گۆشەکاندا نوسراوە . بۆ شێوازی کوردی زازاکی مامۆستا ( مونزور چەم ) بەشداری کرد و ئامادەکاری وەرگێڕانی واتایی ( Ez Kamo ? ) بۆکرد و هەر بەنوسینی پیتەکانی لاتینی کرمانجی بوو هەروەها خۆشهاتە و منیش بەشداربووم بۆ ئامادەکردنی شێوازە سۆرانیەکە کە دەبێتە من کێم ؟ کێشەی سۆرانیەکە لێرەوە دروست بوو چونکە نوسین تەنیا بە ئەلف و بێ ی کوردی بۆ خوێندکاری پۆلەکانی هەندەران چارەسەرێکی تەواوی بەجێ نەبوو هەرچەندە بە بەکارهێنانی فۆنتی ( Unikurd web ) هاتە بەرهەم و بووە بەرابەری کرمانجی یەکەی پێشتر کە بەلاتینی ئامادەکرابوو بەڵام جارێکی تر ئامادەکردنی نوسینە سۆرانیەکە بە پیتی لاتینی شێوازی ئینگلیزی واتە لە جیاتی پیتەکانی ( ش ، ڕ ، چ ... ch , rr , sh ) بەکارهاتووە چونکە بۆ منداڵەکان ئاسان نی یە کە لە دەرەوە دەژین و زمان و نوسینی ئەڵمانی فێر بوون ئەلف و بێ ی کوردی ئەستەنگی دواکەوتنی تووش دەکردن بۆیە سۆرانی بە پیتی لاتینی ئینگلیزیەکەش وەک چارەسەرێک ئامادەکرا . گەر بپرسرێ بۆ لاتینی ئینگلیزی و لاتینی کرمانجی نەکرا ؟ چونکە لە کرمانجی چەند پیتێک نی یە وەک ( ڕ ، ڵ ) کە بە ( ڕی و ڵی ) قەڵەو ناسراون سەرەڕای کێشەی پیتەکانی ( ح ، ع ، ق .... ) کە چارەسەری دروستیان بۆ نەکراوە . بە هەرچۆنێک بوو بەشە سۆرانیەکەی بەدوو ڕێنوس ئامادەکرا و " چاپکردن و پێڕەوی لە کوردستان دەبێتەوە بڕیارێکی سیاسی کە لەدەست ئێمەمانان دانی یە " .

## سیستەمی دوانەیی ....

لە ڕووی وێژەیی ئەم پەرتووکە نوسینێکی تابلێ ی سادە و ساکارە بەڵام ئامادەییەکەی پڕبایەخ و هەنگاوێکی ڕاستی بەرەو داهاتوێکی هەموارە ، ڕاستە بۆ پۆلی یەکەم و دووەمی سەرەتایی یە بەڵام دەکرێ بیکەینە دەسپێکی چارەسەری ئارێشەی گەورەی زمانی کوردی لە کوردستانی گەورە بۆ ئەم ساتە تایبەتیەش باشور لە پەیڕەوکردنی هەردوو شێوازە سەرەکیەکەی سۆرانی و کرمانجی ! بۆیە نیشانەی سەرسوڕمان چونکە ئەم تەرحە هەروا کارێکی ئاسان نی یە و دەیان و سەدان بگرە تا هەزاران لە نیشانەکانی پرسیار و کۆما و دووخاڵی سەریەک و داش و دووکەوانەی سەرنج ڕاکێشان هەتا دەگەینە خاڵ بەدوای خۆیدا دەهێنێ . تەندروستیەکەی لەوەدایە بیروبۆچوونەکان لەکاتی دیاریکراوی خۆی وەڵام دەروەی هەموو وشە و ڕستەیەکی پێش و پاشی ئەو نیشانە بەهادارانە بێ ، لێرەوە باسەکە دەوروژێنین بەو هیوایەی تێبینیەکان ببنە خاڵ و هێمای سەروژێری پیتەکان تا وێنە و واتا لەبارەکان بگەیەنن .

## من کێم ؟ بـــــــــــــــــــــــۆ ؟

من کێم ؟ وەک پرۆگرام و پرۆژەی فێربوون و خوێندن داهێنانێکی نوێ یە ، بە فەلسەفەیەکی نوێ داڕێژراوە ئەگەر کورتی بکەینەوە لە چەند ڕستەیەکدا : بریتیە لەوەی بۆ فێربوون منداڵ لە خۆیەوە دەست پێ دەکا و دوایی دەوروبەر دەناسێ . واتە پێش هەموو شتێک ناوی خۆی و خاسیەتەکانی هەڵکەوتەی سروشتی خۆی دەناسێ ، ئەو پرسیارەی بەر لە هەرشتێکی تر گرینگترین و بەنرخترین شتە لای دروست دەکرێ : من کێم ؟ بۆ وەڵام دانەوە : وێنەی خۆی ، ڕەنگی چاو ، دەست و پەنجە و پێیەکانی .... هتد. دواتر دەچێتە سەر دیاردەکانی تری دەورووبەری هەروەک ئەوەی کە منداڵ لە دایک دەبێ و پاش ماوەیەک کاردانەوەی هۆشیاری خۆی بەدەر دەخا ، دایک کە یەکەم مامۆستایەتی بە ناوی خۆی دەی دوێنێ و لێ ی دەپرسێ کوا چاوت ؟ کوا دەمت ؟ کوا لوتت ؟ منداڵەکەش دەستیان بۆ دەبا لە پرۆسەی فێر بوون و خوێندنی من کێم ؟ هەر نزیک لەم شێوەیە و چڕتر توانای فێربوونی منداڵەکە چالاک دەکرێ . نوێکاری سەرەکی ئەو شێوازی فێربوونە بە گۆتنەوەیە نەک بە جۆرە ڕاهاتووەکە لەسەرەتا بە پیت نوسین دەست پێ بکرێ واتە منداڵ بەپێ ی دواندن و گرینگی پێدانی ڕادەکێشرێتە ناو پرۆسەی خوێندن و فێربوون هەروەک دایک بە سروشتی وای ڕاهێناوە واتە بێ نیشاندانی پیت و وشەکان زمانی فێرکردووە . دووبارەی هەمان پرۆسە بەڵام لەلایەن کەسانی تر وەک مامۆستا و بە سیستەمێکی تر کە پۆلی خوێندنگایە نەک خێزان .....هتد. گرینگیش نی یە وشە و بابەتەکان لە کام پیتەوە یە دەست پێ بکرێ ( ئا ، بێ ، ج ...) واتە مەرج نی یە لە پیتی ( د ، دێ ) دەست پێ بکرێ وەک منداڵ زمانی

پێ دەپڕژێ بە پیتەکانی : د ، دادە ... ب ، بابە .... هتد. لێرە کە لە پیتی م ، بە وشەی ( من ) دەست پێکراوە دەشێ چونکە لە وانەیە سەرنج ڕاکێشترین پیت و سەرتای وشەی ناسین و درککردن وشەی ( مەم ) بێ کە کورتکراوەی مەمکە و منداڵ لە بوونیەوە هەستی پێ بکا سەرچاوەی خۆراک و پردی سۆز و بەزەیی نێوان دایک و کۆرپەیە یان هەر لە دەنگی گریانیەکەیەوە هەرکاتێ دەمی داخستبێ فۆنەتیکی پیتی میم ژێکانی قورگی بلەرێنێ .

## سۆرانی / کرمانجی بەیەکەوە :

هەردوو شێوازی سۆرانی و کرمانجی بە یەکەوە لەیەک بەرنامە و فێرکار و وانە و پەڕتووک و لاپەڕەدا هەڵوەستەی دەوێ ! ئەوەیان مەبەستێکە و تایبەتمەندی خۆی هەیە نوێکاریە فەراهەم کراوە . زۆر قسە و باس و نوسین کراوە دەربارەی پرۆسەی خوێندن بە چاک و خراپ و نیوەچڵیشەوە لەم بوارەدا و هەرلایەکیش چۆنی ویستبێ هەوڵی زۆری داوە زیاتر گوریسەکەی بە لای خۆی دابکێشێ ، ڕستن و چنینیشی هۆندۆتەوە . لێرە مەبەست ئەوە نی یە کامیان ستاندارت بێ یان نا ؟ یان جۆت ستاندارت ؟ یانیش فرە ستاندارت ! بەڵکو ئەمە پێشنیارێکە و دەخرێتە ڕوو دوای ڕاگۆڕکێ و تاقی کردنەوە ، چاکسازی پێویستیەکانی بۆ دەکرێ ئەوجا بڕیاری کۆتایی لەسەر بدرێ . واتە جگە لەوەی ( من کێم ؟ ) داهێنان و فەلسەفەیەکی ترە یەکسەر فێربونی تەریبی هەردوو شێوازەکەش هاوسات وێستگەیەکی ترە ، ئامانجێکی نیشتمانی و نەتەوەیی ڕشت و گرینگە . بەدەر لە ناوچەگەری و سوڕانی ناو بازنەی دیالێکت و ستاندارتی ئەکادیمیانە هەروا بە هاکەزایی بۆ هەر تاکێکی کورد فێربوونی زۆری دیالێکتیکەکان و بە پێ ی ڕادەی پێویستیان وەک سۆرانی ، کرمانجی ، زازاکی ، لوورِی ، هەورامی .....هتد پێویستیەکی ئەرێنی حەتمی یە بۆ داهێنان و پتر دەوڵەمەندکردنی زمانی یەکگرتوو یا زمانی سەرتاسەری یا ستاندارت یا هەر ناویکی دیکەی هەمووان لەسەری کۆکبن . ئینجا باشترین کەس منداڵە کە دەکرێ ئاسانتر و باشتر فێر ببێ بە دڵپاکی و خۆشەویستیەوە ویستەکە پەیڕەو بکا . ئەم هێڵە تەریبی یەی جوت شێوازە بۆ ناوچە تێکەڵەکان چارەسەرێکی بێ پەرەیە هەروەها دەشکرێ دوای بەفەرمی ستاندارت کردنی یەکێ لە شێوازەکان هەر یەکە و لە ناوچەی خۆی وێڕای ستاندارتەکە شێوازە ناوخۆییەکە وەک هەرێم لە پرۆگرامی خوێندن ـ فێربوون پەیڕەو بکا " گەر ویسترا " . مەبەست لە ناوچەکانی لوڕی و هەورامیشە ... ئامادەکاری بۆ بکرێ بەم زووانەش بەشە زازاکی یەکەی بە ئەلف و بێ ی کوردی بۆ ناسین و شارەزایی بەردەست دەبێ . بۆ زیاتر چوونە ناواخنی گرێیەکە نمونەیەکی زیندوو دەخەینە ڕوو : دوای گرێکۆرەی هەڵاوسان و ئەنجامی کێشە سیاسیەکان و بەرژەوەندیە حیزبیەکان کە پێویست ناکا شیکاری بکەین وەک هەڵسانگاندن دەکرێ هۆی دابەزینی ڕێژەی سەرکەوتن لە شارێکی وەک دهۆک لە پرۆسەی خوێندن بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی سەرکەوتن لە شارەکانی تری وەک سلێمانی ، کەرکوک ، هەولێر هەر لە سەرتای چوونە خوێندنگا و کە لە پۆلی یەکەوە ئەلف و بێ ی

کوردی بە شێوازی سۆرانی فێردەبن بێ ڕەچاوی ئەوەی منداڵەکان هەر لەدایک بوونیانەوە لەناو خێزان و کۆمەڵ فێری ئاخاوتنی شێوازی کرمانجی یا دیارتر بڵێین بادینی دەبن ، بۆ تەمەنی شەش ساڵی دەچنە قوتابخانە لێرەوە هەر لە ناخی منداڵەکە ناتەبایی و نەگونجانێک دروست دەبێ تا ئێستا بە شێوازێک فێربووە و دواوە لەوێش شتێکی تر ئاستەنگی بۆ دروست دەکا ئەنجامی کۆتایی سەرکەوتن دێنێتە خوار . لەلایەکی تریش کەمزانی و بێ ئاگایی منالانی ناوچە سۆرانی شێواز نشینەکان لە فێربوون و تێکەڵ بوون بە شێوازی کرمانجی دیوێکی تری هەمان ئارێشەیە . بۆ کردنەوەی ئەم گرێیە و گرێیە زیادکراوەکانی تر فەرموون سۆرانی و کرمانجی بەیەکەوە .

## هەڵسەنگاندن و جێ بە جێ کردنی من کێم ؟ چۆن ؟

جارێکی تریش ئەمە پرۆژەیە و بڕیار نی یە هیچ پەیوەندیشی بەوە نی یە کە کام شێواز ستاندارت بێ یان نا ؟ تەرحێکە و هەوڵی جێ بەجێ کردنی لە چەند پۆلێکی خوێندنگاکانی ناوچەکانی سۆران و بادینان واتە لە هەولێر ، سلێمانی ، دهۆک ، زاخۆ ، ئاکرێ .... بدرێ . خوێندکاری کورد زۆرن و کێشە نی یە گەر بۆ ساڵێک یا دووان لە قوتابخانە سەرەتایی یەکان " یەک تا دوو پۆل " تاقی کردنەوەی ئەم پرۆژەیەی تێدابکرێ بۆ دەرکەوتنی ڕادەی سود و سەرکەوتنی ! گەر دەرکەوت سود بەخشە ئەوکات بەفەرمی سەرتاسەری پەیڕەوبکرێ . خوێندکار فێربکرێ بە هەرکام لە شێوازەکان بدوێ یا بنوسێ ئاسایی یە واتە کێشەکە لە بنەڕەتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو هەر لە سەرەتای خوێندنەوە چارەسەربکرێ .

## کێشە بۆ فێرکار یا ئاسانکاری ؟

بۆ مامۆستا تاڕادەیەک پێویستی بە ڕاهێنان و مەشقی نوێ ی تایبەتی نی یە و ئاسانکاریە ، لە هەر ڕووپەڕێکدا گۆشەکانی ژێرەوە چ بەسۆرانی چ بەکرمانجی تەرخانە بۆ زانیاری دانە فێرکار لە ڕووی جێ بەجێ کردنەوە کارێکی گران و پڕ کێشە نی یە . واتە مامۆستایەکی ناوچەی سۆران نوسینە کرمانجی یەکەی بۆ سانا دەبێ چونکە لە بەرامبەری دا یەکسەر شێوازە سۆرانی یەکە دەبینێ و پێویستی زۆری بۆ گەڕان بە دوای چاوگ و فەرهەنگ نابێ بۆ لێکدانەوەی واتایی وشە و ڕستەکان هەروەها بۆ پێچەوانەکەی ، سەرڕا دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکاری زمان و تێگەیشتن بە وشە کوردیە پەتییەکان بە چەندین شێواز .

## من کێم هەر بۆ منالانی هەندەران کراوە ؟

هەر بۆ هەندەران نەکراوە بەڵکو دەتوانرێ خوێندنی کوردستان و هەندەرانیشی پێ لێک بدرێتەوە و یەک ئاستی فێربوون و ڕێژەی سەرکەوتنی پێ دیاری بکرێ واتە منداڵی کورد چ لە کوردستان بخوێنێ یا لە دەروە یا هەرجێگایەکی ئەم دنیایە گەر مامۆستا و پۆلی خوێندنیان هەبێ هەمان بەرنامەی خوێندن و فێربوونە ، هەمان ڕێژەی سەرکەوتن بۆ هەموو پۆلەکان لە هەموو شار و شوێنێکی کوردستان و هەندەران هاوسەنگ پێوەردەکرێ .

ئەگەر بۆ هەندەران ئاسانکاری نوسینەکان بە "ئەلف و بێ ی لاتینی بێ" کە ئەویش هەر ئامادەکراوە و بەردەستە  هەر هیچ لە ئامانجی سەرەکی ناگۆڕێ کە نەوەکانی داهاتوو بێ گرێ کوردی فێر ببن . دەشێ لە کوردستانیش پەیڕەو بکرێ  دوای تاقی کردنەوە ئەگینا لەوانەیە دوای دەیان ساڵ و کاتی تر بە پێویستی سەردەم جێ بە جێ بکرێ .

## سیاسەتی زمان ، ،

کانگا و چاوگی زمان کۆمەڵگایە تا دەگاتە تاک تاکی بەرپرس و ڕۆحی ژیانیەتی ، هۆی مان و بوونیەتی . پۆلەتیکی زمان لەلایەن زمان ناس و زمان زانە ڕۆشەنبیرەکان ، نوسەر و بایەخ پێدەرانی ئەکادیمی دادەڕێژرێ ، شی دەکرێتەوە و بەڕێوەدەبرێ لەسەر بنچینەی زانستی تۆکمە دەکرێ هەردەم لە نوێ بوونەوە و گۆڕان و گەشەکردن بەردەوامی هەیە بۆ هەر سات و سەردەمێ بە پێ ی دەسەڵات و بێ دەسەڵاتی جیاوازیەکانی هەست پێ دەکرێ . هەرگیز شیاو نی یە نوسین و دەربڕینی تاکە شێوازێ بەسەر هەموو ئەوانی تردا بسەپێنرێ و ببێتە پرۆگرامی سەرەکی خوێندن چونکە لانی کەم گەورەترین کێشە بۆ منداڵێکی سەرەتایی پۆلی یەک دروست دەکا کە فێرکارەکەی تاکە شێوازی بەسەردا سەپاند بۆ فێربوون هەموو وشە و زاراوە ناوچەییەکەی لەباب و داک و کەس و کاری فێربووە بە هەڵەی زمانەوانی بخاتە بەر گوێ و بەنوسینیش بەرچاوی . ئەنجام بێ هێزی ، ڕاڕایی ، دوودڵی مایە و دەستکەوتی بەری ڕەنجی دەبێ . زمان بێ دیالێکت ئاوانابێ و دروست نابێ ئەو دەربڕینی فۆنتی پیت و وشە و ڕستانە بە شێوازی جیا و لە ناوچەی جیا جیا هیچی هەڵە نی یە تەواو سروشتی یە بە دیالێکت ناسراوە واتە شێوازەکان هەردەم جۆگە و ڕووباری پێکهێنەری دەریای وشە و زاراوەی زمانی ستاندارتە . بۆیە لە کوردیدا فرەیی شێوازەکان دەوڵەمەندی یە مایەی خۆشی یە زۆرباش دەتوانری سودی لێ وەربگیرێ و بە ئەرێنی تێڕوانینی بۆ بکرێ .

## ئارێشەی زمانی کوردی ...

زمان دەربڕو کالای بەرجەستەی هەستی بینین و بیستنە لە جولەی چاو و دەم و دەست و.... وێنە و نیشانەی پیت و وشە و ڕستە ....هتد. ئامرازی لێک گەیشتنە هەردەم زیندووە تا ئەوکاتەی گیان لەبەران و مرۆڤ مابن ، چۆن لە دایک دەبێ ئاواش گەورەدەبێ ، چونکە زیندووە ئارێشەی دەبێ و پێشیش دەکەوێ و لەگەڵ نەمانی خاوەنەکانی زمانیش دەمرێ . زمان زمانی دایکە و مرۆڤ یەکەم جار وەک منداڵ لە دایکیەوە فێردەبێ کە زمانی تێگەیشتنە بۆ هەموو ژیرکردنەوەیەک دایک بە ئاوازێ دەی دوێنێ ، کاتێ زمانی گفتوگۆ فێربوو لە خوێندنگاش بە زانستی یاسا و ڕێزمانەکەی فێردەبێ ، ئا لێرەوە باسەکەی ئێمە لەدایک دەبێ : گرێ ی گەورە و نەکراوەی ئەمڕۆی نەبوونی زمانی ستاندارتی کوردی بۆ خوێندنی بە زاراوەی کرمانجی یا سۆرانی ؟ کامیان هەڵبژێرین ؟ ئەی شێوازەکانی تری زازکی و لوڕی و هەورامی و .... وردکردنەوەی بەسەر شێوازی ناوچە و میرنشینە مێژوویەکان لە سۆرانی و بابانی و بۆتانی و جەزیری .... وەک ئێستاش بۆ شارەگەورە و

ناسراوەکان ....هتد لە نێوان ڕاو سەرنجی هەموو نوسەر و شاعیر و وێژەوانان یا تەواوی ڕۆشەنبیران لە هەموو بوارەکاندا ، کێشمە کێشمی بەڕاستتر زانینی ئەم شێواز و ئەو زاراوەیە بە پێ ی ژمارەی دانیشتوان یا ڕووپێوی جوگرافی سنوری شێوازەکان و سەپاندنی بەسەر ئەوانی تردا ، سەرەڕای ئەوانەش ڕای تایبەتی زماناسان و یاسا زانستیەکانی چەسپاندن و پەیڕەوکردنی شێوازێکی تایبەت بە زمانی ستاندارت لە ناو کۆڕ و کۆمەڵگای دابەش و فرە شێواز ئەوجاش بڕیاری سیاسی و دەرکردنی یاسایی و بوون و نەبوونی دەسەڵاتیش لە جێبەجێکردنی ڕیالست هەموو ئەو ڕاگۆڕکێ و بۆچوون و لێکدانەوانە بەرهەم دێنێ . بێگومان بەوەندە نوسینە ناکرێ بەدارێکی سیحری هەمووان ڕازی کەین بەڵام شاڕەگی ئارێشەکە لە نەبوونی زمانی ستاندارتی کوردی بریتیە لە نەبوونی دەوڵەتی کوردی و سەنتەری لێکۆڵینەوەی زانستی هەروەها پەرتەوازەیی ڕاوبۆچوونەکان .

## نوسین...

نوسین ئەو هێما ئەندازەییە کێشراوانەیە لە پیت ووشەکان بەزنجیرەی ڕستەکان وێنەی باسێ پێک دەهێنی ، دەربڕی هەست و وەرگێڕی زانیاریەکانی هۆشە ، گەیەنەری پەیام و خواستە بە هەر زمان و ڕێزمانێ لە هەر شوێن و سەردەمێ بەپێ ی جیاوازی مرۆڤ و بنگەی نەتەوە و کلتوریان ، بە هەمان ئەرک و فەرمان لە ڕێگەی چاو دەخزێتە خانەکانی مێشکی خوێنەر و بێ دەنگ وێنەکانی پێ دەگەیەنێ . فێربوونی ڕێنوس و ڕێزمان مێژووەکەی کۆنە و هەرزمانێ یاسای خۆی و گونجاوی تایبەتمەندی سەردەمی باوی خۆی هەیە ، گۆڕان دەشێ و پێشکەوتن پێویستی یە وادام زمانەکە زیندووە زمانی گەلێکی زیندووە دەکرێ بگۆڕێ و پێش بکەوێ کار لەسەر بەکارهێنانی بۆ نەوەکانی داهاتوو بکرێ . زمان ناسەکان زۆر بە باشی دەزانن کەی ئەم نوسینەی ئێستای ئەلف و بی ی کوردی پەیدابوو ؟ چی بوون هەلومەرجەکانی داهێنان و پەیڕەوکردنی ؟ ئێستا تا چ ڕادەیەک گونجاوە ؟ ئایا دەکرێ هەموومان هەر بەو پیتانە زمانی کوردی بنوسین ؟ ئایا هەموو پیتەکانی ئەم ڕێنوسە دەربڕ یا تێرکاری فۆنت یا لەرەی ژێکانی قوڕگی مرۆڤی کوردە ؟ و چەندەها پرسیاری تریش کە لە هزری هەرتاکێکماندا هەیە و دروست دەبێ . هەرهەمان پرسیار و وروژێنەکان لەمەڕ شێواز و پیتی لاتینی کرمانجی دەکەینەوە لەوانەیە ئەم ئارێشەیە درەنگ یا زوو بمانگەیەنێتە ئەنجامی باش و تەندروست کە پێویستیە پەیڕەوبکرێ وەک پۆلەکەی خوێندکارەکانی هەندەران کوردستانێکی بچوکی دروست کرد ، کێشەکەی بچوک کردەوە ڕێگا و دەروازەی چارەسەری کردەوە .

## پڕۆسەی سۆرمانجی ...

گۆڕانی خێرای بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و جوگرافیەکان ....هتد. سەردەمی ئازادی و کرانەوەی دەروازە و ئاڕاستەکان لە تەواوی دنیا و باڵی جیهانگەری کاری لە کوردکرد و کوردیش کاردانەوەی خۆی نواند و دەنوێنێ .... بوونی ژمارەی زۆری کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بیسراو ، نوسراو ، بینراو لە ئینتەرنێت و ڕۆژنامە و ڕادیۆ و

تەلەفزیۆنی گەردوونی ناسین و یەکخستنەوەی بۆ ڕەخساندین ئەوەی لە زوودا دەربارەی یەکترمان نەدەزانی ئەمڕۆ سبەی مسۆگەری زانین و پێ ناساندنمان دەکا . نمونە زۆرن لەوانە دەبێ بۆ ڕاگەیاندنی هەواڵ و نوچەکان یەکی بە سۆرانی و یەکێ بەکرمانجی بنوسی و بخوێنێ بەتایبەت لە تەلەفزیۆنەکان واتە ئەو کەسانەی چەند ساڵێک لەمەوبەر لە کرمانجی هەر نەدەگەیشتن ئەمڕۆ بە ڕێژەیەک تێ دەگەن و بە پێچەوانەوەش ، هەموو گوێ بیستی گۆرانیە کرمانجی و تێکەڵەی تسێدێی بەرهەمەکان بە سۆرانی و لوڕی و هەورامی و...... ڕێژەیەکی تری زیاد کردووە لە فرۆشتنی بەرهەم و داهێنەری هاوسۆزی یە . لە هەربواریکەوە باسی لەسەر بکەین دیاردەی نزیک بوونەوە و یەکگرتنەوەی کێشەکان هەیە کە بە ئەنجامیش هەر چارەسەر دەبێ لە ڕێگەی بیستن و دوان و کۆنتاکتی هەستی گەرمەوە دەکرێ زمانی ستاندارت لە وشە و زاراوە داهێنان وەبەر بێنین بێگومان بێ خۆشەویستی ناکرێ .

## گۆڕانی سۆرانی بۆ کرمانجی یا پێچەوانەکەی ...

هەردەم گۆڕان بەرپرسیاریەتێکی مێژووی یە و بڕیارێکە مرۆڤ لە پێویستیەکانی دا دوچاری وەرچەرخان دەبێ ، دڵنیانین و گومان ئەو بارە نا ئاساییەمان بەسەردا دەسەپێنێ . لەگەڵ هەر گۆڕانێکیش چڕنوکی ڕەخنە نوێکاریەکانمان دەڕوشێنێ بەڵام گرینگ ئەوەیە پێشکەوین و ترس هەموو شانسێکمان نەدۆڕێنێ . ئێمە کە شتی باشترمان نی یە بۆنابێ چاولێکەری بکەین ؟ بۆ دەبێ لە کۆندا بوەستین و قەتیسی یاسا هەڵوەشاوەکانی بین ؟ زۆرن پرسیارەکان وەڵامیان هەنگاوی بوێرانەی دەوێ . مەبەست لێرە ئەوەیە نەسۆرانی جێگری کرمانجی و نەکرمانجیش جێگری زازاکی و لوڕی و هەورامی و .... هەتا دوایی یە . هیچیان هیچیان لە ناو نابا و بە تەنیا نابێتە تاکە شێوازی زمانی ستاندارت لەم بارە دابەش و پارچەییەی کوردستان بۆیە چارەی ناوەندی فێربونی تەریبی هەردوو شێوازە سەرەکیەکەی سۆرانی و کرمانجی یە بەتایبەت بۆ نەوەکانی نوێ لە داهاتوو . زاراوەکانی مێدیای کوردی و نزیک بوونەوەی ڕۆشەنبیران وەدی هێنەری سورمانجی یە . هەموو زمانێکیش ناخۆشە گەر تێبینەگەی بەڵام گەر فێربووی و توانیت تێبگەی ئەوجا قسەی پێ بکەی هەست بە خۆشی و ئاسودەیی دەکەی . زمان لە گۆری سەری مرۆڤەوەیە بە هەر شێواز دالێکتێک بدوێ تەنانەت دەربڕینی لادێی و شار و شارۆچکەش هەڵەنی یە و دەکرێ بەڕاست گەیەنەربێ ئاساییە هەموو وشەیەکی کوردی بەکاربێ  بۆنمونە چەند ساڵێکە وشەی هەنوکە یا هەنوکەیی سەرتاسەری بەکاردێ کە جاران هەرتایبەت بوو بە ناوچەی هەولێر . یان وشەی هاژوشتن بۆ ترومبێل و ..... هتد. زۆر لەگەلانی دنیا شێوازی ناوچەیی ئاخاوتنیان هەیە بەڵام لە شێوازێک کۆبەندن و زمانی سەرتاسەری دەبێ بۆ نمونە عەرەبەکان جۆرەهای شێوازیان هەیە بەڵام زمانی ستاندارتیان عەرەبی فوسحەیە هەروەها ئەڵمانەکانیش دالێکتیان زۆرە بەپێ ی شار و هەرێمەکان بەڵام هۆخ دۆیچ کە شێوازی ناوچەکانی شاری هانۆڤەرە زمانی

ستاندارتی ئەڵمانی یە ، گرینگ ئەویە ئێمەش بگۆڕێین و بتوانین لە کوردی پەتی لە هەموو شێوازەکان کەڵکێ وەرگرین .

## وانەکانی من کێم ؟

هەروەک باسکرا من کێم ؟ کەرستەی کاری سەرەتایی کوردی فێربوونە ، لە سەر سیستەمی نوێ ی فێربوونی زمان ڕاستەوخۆ بە وشە و زاراوە و ڕستە ، لە فۆنەتیک و شێوازی دەربڕین جیا لە سیستەمی تر کە بە پیت نوسین دەست پێ دەکا دارێژراوە . ئەو ڕێبازە نوێ یە و تا ئیستا بە چەند زمانێکی وەک ئەڵمانی و ئیتاڵێ ئامادەکراوە هەر یەکە و بە پێ ی خواستی نوسەرەکەی پڕۆگرام کراوە بەڵام کوردیەکەی تایبەتمەندی خۆی هەیە و زۆری شێوازەکان زیاتر گرینگ و بە پێزی کردووە . ئەم بەرهەمە تا ئێستا توانای تاک و دووان و سیانە بێ خەوش و لە سەرووی ڕەخنەوە نی یە ، هەوڵێکی کەم دەرامەتی گروپێکە دەکرێ بیکەینە دەسکەلای مووشە شکێنی هیوا و ویستی هەمووان . لە ڕووی دەروون ناسی منداڵ ڕۆشەنکراوە واتە لە یەکەم وانە منداڵ ناوی خۆی بە نوسین دەناسێ و وێنەی خۆی دەکێشێ کە تایبەتمەندی کەسایەتی دادەمەزرێنێ لە هەردوو وێنەی ڕەگەزی نێر و مێ . ئەوجا دیاردەکانی سەر ڕوو لە خاڵ و ڕەنگی چاو ، پێوانەی بەرزی ، دەستەکانی و ناوی قامکەکانی . هەندێ ژمارەی بیرکاری و هێماکانی ، ڕۆژی لە دایک بوون و تەمەنی چەند ساڵانی . بۆ ناسینی کەش و وەرزەکانی ساڵ و ناوی مانگ و دیاری کردنی کات ، جیاکردنەوەی ڕەنگی خۆشەویست کە وابەستەیەکی دەروونی یە و هەرمرۆڤە ڕەنگی خۆشەویستی خۆی هەیە وەک فیزیا لەگەڵ خواستی موزیک و گیاندارە پەیوەست و پڕ بەزەییەکانی زیندەوەرزانی . بۆ زیاتر ناسینی دەوروبەر و باری کۆمەڵایەتی لە هاوڕێ و خانەوادە و گەشەی هەستی دلۆڤانی مرۆڤانە و پەیوەندیە تەکنەلۆجیەکانی سەردەم لە تەلەفۆن و ژمارەی پەیوەندیەکانی . ئەو شتانەی بەلایەوە گرینگە و ئەوکارانەی حەزیان لێ دەکا ، جۆری خواردەمەنی لە کێک و بەستەنی و میوە . هەروەها خەونەکانی و شێوازی وێژەیی گێڕانەوەیان لە چیرۆک و بەسەرهاتەکان لە خولیا و ئەندێشەی منداڵانەی خۆی . ترس و دەربڕینی ئارێشە دەروونیەکانی لەگەڵ دەربڕینی هیواکانی کاتی گەورەبوونی . ناسینی جوگرافی هەڵکەوتەی ماڵ و ناونیشان لە شەقام و ژمارەی خانوو گەیشتنی پۆست . فێربوونی ژیانی بەکۆمەڵی ناو خانەوادە و گرێدانەوەی خۆی بە هاوڕێ ی هەموو منداڵانی دنیا . ئەمانە و کۆمەڵێ وردەکاری تریش لە ژێر چاوەدێری دکتۆر و شارەزا و پسپۆڕان بیرو خامەی پشتی ئەم پەرتووکە ساوایەن بۆ ساوایان . ڕەنگ تێیدا کاڵەوەبووە و لەبەر نەداری وێنەی نیگارکێشی هونەرمەندانەی بۆ نەکراوە لە ئاستی تەواودا نی یە هەرچەندە ئەو لایەنە باشترین خاڵی کێشکردن و کردنەوەی خانەکانی پێشوازی یە لە هۆشی منداڵ بەڵام لە لایەکی ترەوە ڕەنگ پێدانی هەندێ لە وێنەکان و هێلکاریان کاری خوێندکارە لە نەخش و ڕازانەوەدا . من کێم ؟ بۆ پۆلی سێ یەم و بەسەرەوە ئامادەکاری بۆدەکرێ و قۆناغێکی گەشەکردووی پلە بەرزترە چاوەڕوانی موژدەی بوونی دەکەین .

## تڕافیکی وشه ...

من کێم و هاوپێچەکانی یان ڕاستتر ، ڕوونتر بڵێین ئەم شێوازی فێرکردنە تەنیا پەرتووکێکی چاپکراوی سواوەی ناو وانەکان و دەمەتەقێ ی نێوان فێرکار و فێرخوازان نی یە بەڵکو هەر وانەیەکی ناو پەرتووکەکە ڕۆژانە بە کۆپی دەخرێتە بەردەستی خوێندکاران وەک ڕەشنوسی ڕاهێنان مامەڵەی پێ دەکرێ . خشتەی وشە و زانیاریەکان بە وێنەوە ڕۆژانە بابەتێکی تری مشتومڕەکانە لە پۆلدا هەروەها تڕافیکی وشە ؛ گیانێکی تری هاوکاری و نزیکی وشە یەکگرتووەکانی ناو شێوازە کوردیەکانە هەروەک چرای سەوز و زەرد و سوری ئوتومۆبیل واتای تایبەتیان هەیە و لێرە وشەکان ڕێک دەخرێن بۆ نمونە : وشەی بروسکە بە سۆرانی و بروسک بە کرمانجی و بلیتسە بە ئەڵمانی هەرهەموویان بە پیتی ( ب ) دەست پێ دەکا دەکەوێتە خانەی سەوزەوە ئەو وشانەی هەندێک پێک دەچن زەرد دەبن خۆ ئەوانەی تەواو جوایەزن ئەوا سوردەبن ، بێ گومان گرینگی زۆر دراوە بە لێکچوویی وشە کوردیەکان و بەکارهێنانیان لە شێوازەکانی زازاکی ـ سۆرانی ـ کرمانجی . خشتەی تر و هاوپێچی تریش بەرنامەی کاری فێربوونە لە من کێم ؟

## فێربوونی دوو شێواز لە یەک پۆلدا ...

فێربوونی منداڵ هەر لەسەرەتاوە واتە لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە بە دوو زمان هەڵەنی یە و زانست و دەرون ناسی ئەم ڕاستی یەی سەلماندووە چ جای کە دوو شێوازی گۆتنی تاکە زمانێکیش بێگومان ساناترە . پێویستی و مەرجەکانی فێربوونی زمان بە دوو جۆرە یەکیان : شێوەی پەیەگایی و گۆتنەوەی لاسایی یە لە بەکارهێنانی وشە و ڕستەکان منداڵ لە خانەوادەکەی یا مرۆڤ بە بیستن لە دەورو بەرەکەی فێر دەبێ بێ هیچ زانیاریەرکی ڕێزمانی زانستی لەناسینی بەشی نیهاد و گوزارە و ....هتد تا تەمەنی هەژدەساڵی ئاسان و گونجاوترە . دووەمیان : شێوەی ڕێزمانی پیت و نوسینە لە فێربوونی وشە و دواتر دروستکردنی ڕستە . کەسانێکی زۆر هەن لە کاتی فێر بوونی زمانێکی نوێدا بێ ژمار وشە فێردەبن بەلاّم توانای دروستکردنی ڕستەیان بێ هێزە ، وشەکان لەسەرەتا بە وشەی شۆڕ و شاراوە و نهێنیەکان دەست پێ دەکا کە بۆ تێگەیشتن و خۆپاراستن بەکاری دەهێنێنن . زۆرگرینگە مرۆڤ بتوانێ لانی کەم دوو زمان بەباشی بزانێ و ئەگەر کرا سێ و چواریش بنچینەی ئاخاوتنە سەرەتاییەکانی وەک پرسیاری ناو و شوێن و کڕین و سوپاسگوزاری ..... بزانێ . کورد ناسراوە بە زمان زانی جگە لە زمانی دایک و شێوازەکانی یەک تا دووی تر هەر دەزانێ هەندێ دەڵێن زیرەکی یە و هەندێ دەڵین نا هۆی ژێردەستەیی یە زمانی داگیرکەرانی دەزانێ .

## سەرچاوەکان:

1. پەرتووکی ( Wer bin ich ? / Ez ki me ? ) بە کرمانجی و ئەڵمانی .
2. لەبەر نوێیەتی ڕێبازی فێربوونەکە و کەمی سەرچاوە زیاتر پشت بەستن بە زانیاری گشتی و ئەنجامی لێدوان و پرسیاری زۆر لەگەڵ ماموٚستایانی سەرەتایی کورد لە هەندەران و کوردستان .


دڵشاد تاقانە



Dlshadtakana@yahoo.com


آ ـ من کێم ؟ بە ئەلف و بێ ی کوردی...

1. ڕوپەڕی من کێم ؟
2. ناوەرۆک ، ناڤەرۆک ...
3. چەند وانەیەکی من کێم ؟
4. وشە و زانیاری بە سۆرانی ...
4. وشە و زانیاری بە کرمانجی ...

**B - Mn Keem ? be latiny …**

a. **Rwpery Mn Keem ?**
b. **Nawerok , Naverok ...**
c. **Chand waneieky Mn Keem ?**
d. **Wshe w Zaniry be L- So-Englizy…**
d. **Wshe w Zaniary be L-krmancy…**






**C – Ez Kamo ? be Zazaky** / ئەز کامۆ ؟ بە شێوازی کوردی زازاکی چاوەڕوان بن






## ناوەرۆک







١. من کێم ؟ ( کوڕ )
٢. من کێم ؟ ( کچ )
٣.ئەوە منم ( ناوی من ) .
٤.من وا دیارم .
٥.ڕووی من .
٦.پێوانەی من .
٧. ئەوە دەستی منە .
٨. ئەوە پێ ی منە .
٩. چاوی من .
١٠. من دەتوانم هەتا ـــــــــ بژمێرم .
١١. من ئەوەندە ساڵیم .
١٢. وەرزەکانی ساڵ .
١٣. وەرزی ساڵ و ناوی مانگەکان .
١٤. ئەو ڕەنگەی زۆر حەزم لێ یە .
١٥. تۆ حەزت لە کام جۆری مۆسیقایە .
١٦. ئەو گیانەوەرانەی خۆشم دەوێن .
١٧. ناوی هاوڕێکانم .
١٨. من کێم خۆش دەوێ .
١٩. ژمارەی تەلەفۆنی من .
٢٠. ئەوە بۆ من گرینگە .
٢١. (١) ئەو کارانەی من بە ئارەزووی خۆشی یەوە دەیکەم .
٢٢. (٢) ئەو کارانەی بەنابە دڵی دەیکەم.
٢٣. من حەزم لە چ خواردنێکە .
٢٤. خەونی من .







## ناڤەرۆک






١. ئەزکی مە ؟ ( لاو)
٢. ئەز کی مە ؟ ( کەچ )
٣.ئەڤ ئەزم ( ناڤێ من ە/ یێە ) .
٤.ئەز وها خویا دکەم .
٥.ڕوویێ من .
٦.پیڤانێن من .
٧. ئەڤ دەستێ منە .
٨. ئەڤ لینگێ منە.
٩. چاڤێن من .
١٠. ئەز دکارم حەتا ـــــ ی بیژمێرم .
١١. ئەز ئەوقاس سالیمە .
١٢. دەمێن سالی .
١٣. دەمێن سالی ئو ناڤێن ماهان .
١٤. ڕەنگێ کو ئەز گەلەک ژی حەز دیکەم .
١٥. تو لە کیژان موزیکێ بکەیف خویشی گوهداری دکەی ؟
١٦. حەیوانێ / حەیوانا کو ئەز ژێ حەز دکەم .
١٧. ناڤێن هەڤالێن من .
١٨. ئەز ژی کێ حەز دکەم .
١٩. نیمارەیا تەلەفۆنا من .
٢٠. ئەڤ ژی بۆ من گرینگە .
٢١. (١) کارێن کو ئەز بە دل دکەم .
٢٢. (٢) کارێن کو ئەز بێ دل دکەم .
٢٣. ئەز چی بکەیف خویشی دخۆم .

| | |
|---|---|
|  | تەباغی کارەبایی |
| | |
| | |
|  | ساردکەرەوە |
| | |
| | |
|  | قاپشۆری کارەبایی |
| | |
| | |
|  | جلشۆری کارەبایی |
| | |
| | |
|  | شۆرگەی چێشتخانە |
| | |
| | |

| | |
|---|---|
|  | کەنتۆری جلکان |
|  | کەنتۆری قاپان |
|  | مێزی نان خواردن |
|  | کورسی |
|  | کاتژمێر |

| | |
|---|---|
|  | مەقری |
|  | مەنجەڵ ( قابلەمە ) |
|  | ئەسکو ( چەمچە ) |
|  | کێکی ئیسفنج |
|  | فانیلە ، دەرپێ کورت ، پێڵاو |


| | |
|---|---|
|  | ئاوێنەی دەست |
|  | سەرین ( بالیف ) |
|  | تابلۆ نەخشی ڕازانەوە |
|  | باڵینگەی خەو ( سیسەم ) |
|  | دەسگای دوش |

| | |
|---|---|
|  | دەسشۆر |
| | |
| | |
|  | پەشتەماڵ |
| | |
| | |
|   | کەتیرەی لکاندن |
| | |
| | |
|  | پەقرەج ( ستڵ ) |
| | |
| | |
|  | پێنوس ( قەڵەم ) |
| | |
| | |


پەرتووک





پەڕاو




پەت پەتانێ













گێلاس ( ئاری باری )












توی فەڕەنگی












| | |
|---|---|
|  | فیرنا ئەلکترۆنی |
| | |
| | |
|  | ساردکەر |
| | |
| | |
|  | فیراغشۆر / ئامانشۆر |
| | |
| | |
|  | جلشۆک |
| | |
| | |
|  | بەرکانیا فیراغ شوشتنێ |
| | |

| | |
|---|---|
|  | دۆلاب |
|  | دۆلابا فیراقان / دۆلابا ئامانان |
|  | ماسە |
|  | کورسی |
|  | سائەت / کاتژیمێر |


| | |
|---|---|
|  | تاوه |
|  | بەرۆش |
|  | چۆچیک |
|  | پاستە |
|  | فانێر ، دەرپێ ، پێلاڤ |

| | |
|---|---|
|  | دەستشۆک |
|  | پێژگیر |
|  | شیرتێز |
|  | سەتیل |
|  | قەلەمی زیرێچ |

| | |
|---|---|
|  | ئاینە / میرێک |
| | |
| | |
|  | بالیف |
| | |
| | |
|  | تابلۆ |
| | |
| | |
|  | تەختا ڕازانێ |
| | |
| | |
|  | سەریکێ دوشێ |
| | |
| | |


| | |
|---|---|
|  | پەرتووک |
| | |
| | |
|  | دەفتەر |
| | |
| | |
|  | بەنێ خوەهەلاڤێتینێ |
| | |
| | |
|  | گێلیاس |
| | |
| | |
|  | تووەرد / چیلەک |
| | |

ئـەز كـى مـە؟




من كێم ؟

من کێم ؟



ئـەز کـی مـە؟

ئەوە منم: ئەڤ ئەزم:




ناوی من ________________ ە.

ناڤێ من ________________ ە / ێیە.


| |
|---|
| منداڵەکان وێنەیەکی پێوە بچەسپێنن یان وێنەیەکی خۆیان بکێشن هەروەها ناسناوی خۆیان بنوسن . |
| زاروک وێنەیەک پێڤە بیدەن زەلقاندنێ ئان ژی وێنەیەک بیدەن چێکرنێ ، پێشناڤێن وان بیدەن نیڤیساندن . |

من وا دیارم:          ئەز وها خویا دکەم :

لە تەوقی سەرەوە          ژ پۆڕ







هەتا بنی پێم .     هەتا پێیان .

# ڕووی من / ڕوویێ من

من لێرە وێنەی پرچ و دەم و چاوی خۆم دەکێشم.

ئەز لەڤر وێنەیێ پۆڕێ خۆ چێ دکەم و وەکی دین ڕوویا خۆ تەمام دکەم.



لە سەردەم و چاوی من:

چاویلکە:

چاڵی ڕوومەت:

خاڵ:

خاڵی هەتاو:

سەرچاڤێ من:

بەرچاڤک:

خەمزە:

شانیک:

زیوان:

# پێوانەی من / پیڤانێن من

١. قۆڵم: ______ سم

٢. قاچم: ______ سم

٣. پێم: ______ سم

٤. پەنجە گەورەم: ______ سم

٥. لووتم: ______ سم

٦. دەمم: ______ سم

٧. ________ : ______ سم

٨. ________ : ______ سم

ملێ من: ________ سم.

چیما من ______ سم.

لینگێ من ______ سم.


بەرانکا من ______ سم.

پۆزێ من ______ سم.

دەڤێ من ______ سم.

________ : ________ سم.

________ : ________ سم.




ناو قەدم: ________

درێژی من: ______ سم


ناڤا من: ______ سم.


بەژنا من: ______ سم.

## ئەوە دەستی منە:


ئەسپی کوژە ، پە نجە گەورە / بەرانک
دۆشاومژە/ تیلیا نیشان دانێ
دۆلە درێژە ، زەڕناقوتە ، باڵاەرزە / نۆتیرڤان
برا تووتە / بابەلیچ
تووتە / قیلیچ


## ئەڤ دەستێ منە:





بە پێنوس بەسەر هێڵی پەنجەکان دابێنەوە ، وێنەی نینۆکەکان بکێشن هەروەها ناوی هەریەکەی پەنجەکان بڵێن و بنوسن .
دۆرا دەست بیبەن خێزاندینێ ، نینۆکان ژی بە شاگردان بیدەن خێزاندینێ ، ناڤێن تیلیان بیدەن ژبەرکیرینێ .





بە پێنوس بەسەر هێڵی پێیەکە دابچنەوە ، وێنەی نینۆکەکان بکێشن .
دۆرا پێ / لینگ بیدەن خێزاندینێ ، نینۆکان ژی بیدەن خێزاندینێ .

چاوی من — چاڤێن من



چاڤێن من ______________ ین / نه.

ڕەنگی چاوی من ______________ ە.

 ☐ هێشین<br>شین

 ☐ قەهوایی<br>قاوەیی


 ☐ کەسک<br>سەوز ، کەسک

 ☐ خەز<br>خۆڵەمێشی

 ☐ ڕێش<br>ڕەش


من دەتوانم هەتا ________ بژمێرم .


ئەز دکارم حەتا ________ ی بیژمێرم.




| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 0 | ٠ | 1 | ١ | 2 | ٢ |
| 3 | ٣ | 4 | ٤ | 5 | ٥ |
| 6 | ٦ | 7 | ٧ | 8 | ٨ |
| 9 | ٩ | 10 | ١٠ | 11 | ١١ |
| 12 | ١٢ | 13 | ١٣ | 14 | ١٤ |
| 15 | ١٥ | 16 | ١٦ | 17 | ١٧ |
| 18 | ١٨ | 19 | ١٩ | 20 | ٢٠ |
| ___ | | ___ | | ___ | |


ژمارەکانیان فێربکەن ، ژمارەکان بە هەردوو شێواز بەراوردبکەن : هەر ووشەیەک بە هەردوو شێواز بەراوردبکەن .
ژیماران بیدەن فێرکیرینێ ، ژماران بی بە هەردوو شێواز بیدەن بەرهەڤ: هەر ووشە بە شێوازێن دین ڕە ژی بیدەن بەر هەڤ .

من ئەوەندە ساڵیم:    ئەز ئەوقاس سالیمە:








مندالّەکان بۆ هەر ساڵەی تەمەنیان وێنەی مۆمێک بکێشن یان مۆمێک لە پەڕی ڕەنگاوڕەنگ بڕدراو پێوەی بلکێنن .
زارۆک ژی بو هەر سالی وێنەی مۆمەک بیدەن چێکرنێ ئان ژی مۆمەک ژی پەری ڕەنگین پێڤە بیدەن زەلقاندنێ .




ئەو ڕەنگەی زۆر حەزم لێ یە:

ڕەنگێ کو ئەز گەلەک ژێ حەز دکەم.








بە جوانترین و خۆشەویسترین ڕەنگ منداڵەکان نیگار بکێشن .
بە ڕەنگێ کو زارۆک کو ژێ حەزدکەن وێنەیەکی چێبکەن .

تو له كيژان موزيكێ بكەيف خوشى گوهدارى دكەى ؟


تۆ حەزت له كام جۆرى مۆسيقايه ؟










دەکرێ منداڵەکان شێوەی خۆشەویسترین ئامێری مۆسیقا یان گۆرانیبێژ بکێشن .
زارۆک دکارن وێنەیێ ئامێرا ئان ژی سترانبێژێ / ستانبێژا کو ژێ حەزدکەن چێکەن .

## ئەو گیانەوەرانەی خۆشم دەوێن:
## حەیوانێ / حەیوانا کو ئەز ژێ حەز دکەم.




ناوی ئەم گیانەوەرانەی سەرەوە چین ؟ ناڤێن حەیوانێن ژوررین چی نە ؟

ماسی — توتی / توتی — کەروێشک / کەڤرۆشک
کەڵەشێر / دیک — سەگ / کوچیک — کیسەڵ / کوسی
پشیلە / پیسیک — توتی ئەوین / توتی ئەڤین


وێنەی ئەم گیاندارانە بکێشە کە خۆشت دەوێن .
تو ژ کیژان حەیوانان حەز دکەی ؟ وێنەیێن وان چێکە .

ناوی هاوڕێکانم:

ناڤێن هەڤالێن من:













ناوی هاوڕێکانیان بنوسن .
ناڤێن هەڤاڵێن خوە بینڤیسن .

## من کێم خۆش دەوێ        ئەز ژ کێ حەز دکەم

ئەڤ هەڤالێ من یا باشترینە.

ناڤێ وی ________ە / یە.

ئەوە باشترین هاوڕێمە .

ناوی ________ە .

ئەڤ هەڤالا من یا باشترینە.


ناڤێ وێ ________ە / یە.

ئەوە باشترین هاوڕێمە .


ناوی ________ە .

ئەز ئو ڤییا / ڤێیا ل هەڤ ناکەین.

من و ئەو پێکەوە ناگونجێین .



نیمارەیا تەلەفۆنا من:
ژمارەی تەلەفۆنی من:



________________________

نیمارەیێن هەڤالێن من:
ژمارەی تەلەفۆنی هاوڕێکانم:

______________________________

______________________________

نامەیەک ژ من ڕا هات. ناڤنیشانا من ل سەر نامەیێ یە.

نامەیەکم بۆهات و ناونیشانی خۆمی لەسەرە:



__________________________


__________________________

__________________________

ئەوە بۆ من گرینگە:

ئەڤ ژ بۆ من گرینگە:







ئەڤ ژ بۆ هێلینێ گرینگە:
ئەوە بۆ هێلینا گرینگە:


پشیلەی من - پیسکا من
پایسکلی من - بیسیکلەتا من
دایکی من - دایکا من
خوشکی من - خویشکا من






ژ بۆ تە چی گرینگە ؟ بینڤیسە ، وێنەیەک چێ بکە یان ژێ وێنەیەکی پێ ڤە بیزلقێنە .
بۆ تۆ چی گرینگە ؟ بینوسە ، وێنەیەکی بۆ بکێشە یان وێنەیەکی پێوە بلکێنە .







# خەونا من
# خەونی من


هێلین ئو شیرین خەون دیتن . خەونا هێلین گەلەک خویش بوو لێ یا شیرین گەلەک نە خویش بوو .




هێلین و شیرین خەونیان دیت . خەونی هێلین زۆر خۆش بوو بەڵام خەونی شیرین زۆر ناخۆش بوو .




تۆ وێنەی کام خەونیان دەکێشی ؟
توێ وێنەیێ کیژان خەونێ چێکی ؟





ترس









هێلین: ئەز ژ کوچیکان دەترسم .

هێلین: من لە سەگ دەترسم .

تو ژی چی دترسی ؟

تۆ لە چی دەترسی ؟








☐ ژی پیسیکان
لە پشیلە

☐ ژی کوچیکان
لە سەگ

☐ ژی بەقان
لە بۆق






☐ ژی پیرەبۆکان
جاڵجاڵۆکە

☐ ژی ماران
لە مار







☐ ژی میشکان
لە مشک

ژێ کوسیان
لە کیسەڵ

ژی ژوژیکان ☐
لـە ژووشک ☐

☐

ئـەز ل ________________ دەترسم .

من لـە ____________________ دەترسم .

کاتێ کە گەورە بووم





ئـەڤ هێلینـە .
ئـەڤ دخوازی ببیـە موزیسیان .
تـو دخوازی ببێ چی ؟

ئـەوە هێلینـە .
ئـەو دەیـەوێ ببـێ بـە مۆزیک ژەن .
تۆ دەتـەوێ ببی بـە چی ؟

تۆ دەتوانـی وێنـەیـەکی بکێشی ؟ تو دکاری وێنـەیـەکی چێکی ؟

مەزەندەی پیشەی داهاتوویان هێڵکاری بکەن .
وێنەیێ پیشەیا ئایندە کو دخوازن بدەن چێکرنێ .